کورتە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە چالاکیەکانی یەکێتی دژی بێکاری لە کەرکوک و بەغدا

ئەوە بۆ چەند مانگ دەچیت ڕیکخراوی یەکێتی دژی بێکاری دەستی داوەتە چالاکیکەنی خۆی کە لەلایەن ژمارەیەک لە چالاکەونانی بێکارانەوە دەستی پێکردوە لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیەوە لە شاری بەغدا خۆی بە کۆمەڵگە ناسابند.لەو کاتەوە بەردام لە چالاکی تێکۆشاندایە بۆ بەرەو پێس بردنی کێشەی بێکاران. لەهەفتەی ڕابردوودا لە شاری بەغدا ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە بە بەشداری قسەکەری ڕێکخراوەکە لەشاری بەغدا عباس کامل بەشداری چالاکانەیان ئەنجام دا لە خۆپێشاندانەکانی شاری بەغداو چەندان پلاکاردیان بەرزکردەوە کە داواکاریەکانی بێکاران و خەڵکی مەحروم دەستەنگی پێشاندەداو لەنێو ئاپۆڕەی خۆپێشاندانەکاندا.







لە ماەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو یەکێطێ ذأێ بێکاری بەبدەوام لە خۆپێشاندانەکانی بەگدادا بەشدار بووە یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە بەرۆشنی داواکریە کرێکاریانیان بەرزکردوەتەوە و چەندان لە جار تەلەفزیون و میدیا جیهانی مەحلیەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕابەران و چالاکەوانانی ئەم ڕێکخراوەیەدا ئەنجامداوە.
بڕیار وایە لەنزیکترین فرسەتدا ڕێکخراوەکە ئۆفیسەکەی سەرلەنوی بکاتەوە دوای ئەوەی بۆ ماوەیە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە داخرابوو.
لەشاری کەرکوک یەکێتی دژی بێکاری دەستی داوەتە چالاکیەکانی خۆی بەشداری چالاکانەی کرد لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانی یەکی ئایاری ئەمساڵ لە بەرامبەر پارێزگای کەرکوک سەدان ئاڵاو لافتەو پۆستەریان بۆ ئەم بۆنیە لەشاردا لەگەڵ لایەنەکانی تری کۆمیتەی مەراسیم پەخشکردەوە.
هەروەها لەماوەی ئەم مانگەدا ئۆفیسی ڕێکخراوەکە لە سەنتەری شاردا نزیک مەحاکم کرایەوە هەرلەو کاتەوە دەیان بێکار ڕوویان کردوەتە ئەم ئۆفیسەو خۆیان وەک ئەندام ناونووس کردووە. ڕێکخراوەکە بۆ خۆناساندنی خۆی سەدان پۆستەری لەسەراسەری شاردا هەڵواسی و داواکاریەکانی یەکێتی دژی بێکاریان بە گەورەی لە سەرلافیتەکانیان نووسی لە شاردا هەڵیان واسی. هەروەها بۆ زیاتر پەیوەندی کردن بەبێکارانەوە عمار سواس و پسام و فیسڵ و ڕائد و تیمێک لە چالاکەوانانی ڕێکخراوەکە دەستیان دایە تەبلیغاتی دەمی و کۆکردنەوەی بێکارانی




بۆ ئەو مەبەستە سەردانی چەندان کۆڕو کۆمەڵی کرێکاریان کرد.

